حەکیم: گۆڕینی نەرێتە سیاسییەکان پێویستی بە دیالۆگ و کۆدەنگی هەیە نەک هێزموونگەرایی



عەممار حەکیم سەرکی هاوپەیمانی هەزە نیشتمانییەکان، ئەمڕۆ هەینی دووپاتی کردەوە کە هەر هەموارکردنێک یان گۆڕانکارییەک بە نەرێتە سیاسی لە عێراقدا دەبێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و کۆدەنگی نێوان هەزە نیشتمانییەکان بێت دوور لە هێزموونگەرایی یان ململانێ بەدیبهێنرێت.

حەکیم لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە "موتەبع" بەدواداچوونی بۆ کردووە رایگەیاند: "گۆڕینی نەرێتی سیاسی عێراق مومکینە و شەرعییە، بەڵام بە بەرزکردنەوەی دروشمی هەڵبژاردن یان سڕاندنی ئیرادە بەدی نایێت، بەڵکو بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان"، دەشڵێت: "گۆڕینی ئەم بابەتە بە دروشمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاڵۆزی دیمەنی سیاسی و کاریگەری لەسەر دەرفەتی سەقامگیری دوای هەڵبژاردنەکان دەبێت".

حەکیم جەختی لە گرنگی ڕێزگرتن لەو هاوسەنگییە نیشتمانییانەی کە دەستوور و داب و نەریتی سیاسی دامەزراون بە درێژایی قۆناغەکانی ڕابردوو کردەوە، داوای لە هێزە سیاسییەکان کرد: "بەرژەوەندی باڵای وڵات لە پێشینەی بەرژەوەندییە کوتلییەکان یان حزبییەکان،دابنێن و بە ڕێحی هاوبەشی هاستقینە کاربکەن بۆ دەنیابوون لە بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی پڕۆسەی سیاسی".

سەرکی پارتی تەقدوم، محەمەد حەلبوسی، پێشتر ئاماژەی بە پێویستی چاوخشاندنەوە بەم داب و نەریتە

کردبوو، ئەمەش کاردانەوەی بەربڵاوی لێناو بازنە سیاسییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم مشتومڕە
هێنگدانەوەی چەبوونەوەی کەبەکێیە لە پێش هەڵبژاردنەکانی ١١ی ئەم مانگە.